Is maandelijkse uitgave met betreking tot BEWAR cultuur, maatschapij en algemeene berichten

## پیاوانی هێمن منداڵی زۆر دەخەنەوە

دەنگی هێواش ونزم تەنهابۆنیشاندانی نێرینە نییە،بەڵکو بۆ خستنەوەی وەچەش گرنگی هەیە، لێکۆڵینەوەیەکی نوێ دەگاتەئەوە ڕاستیە کە ئەوپیاوانەی خاوەن دەنگێکی هێواش و نزمن، ژمارەیەکی زیاتر وەچە دەخەنەوە, لە وڵاتی تەنزانیا گەلێک بەناو "هاتزا "دەژین و ئەو گەلەش بە ڕاوکردن وکۆ کردنەوە سەرقاڵن و بەهیچ شێوەیەک ڕێگای قەڵاچۆکردنی منداڵبوون بەکار ناهێنن، وەک لەوەی گەلانی ڕۆژئاوا بەکاری دەهێنن،"دافید" دەروونناس لە زانکۆی "هاملتۆن" پرسیاری ئەوە دەکات دەنگی مرۆڤ چ ڕۆڵێکی بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە. ناوبراو لە میانەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر یەکێک لە گەلانی ئەفەریقیا بۆی دەرکەوت، کە ئەو پیاوانەی دەنگێکی هێواش و نزمیان هەبێت،ژمارەیەکی زۆرلەمنداڵیان هەیە، دافید" و هاوەڵەکانی لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر ئەو گەلە ئەنجامدا و ناوبراو بۆی دەرکەوت، کە ئافرەتان پیاوانی دەنگ هێواش و زم تەنها بۆ خستنەوەی وەچە تەماشا ناکەن،بەڵکووەک پیاوانی پێگەیشتوو، تەندروست و نێرینە تەماشایان دەکەن. توێژەرانی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەریخستوە

بۆ لاپەڕە 15




# ڕێکخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە عیراقەوە

## هاوکاریی ماددی دەکرین

**کەمال سەرگەڵویی**

CIA ی هەوڵەکانی خۆی چڕوپڕکردووەتەوە بۆ سەر تیرۆریستان لەوانە ئوسامە بن لادن– ی گەورە تیرۆریستی ئەلقاعیدە، هەرچەندە لەم ڕووەوە تاکو ئێستا نەیتوانیوە ئەو گەورە تیرۆریستە بدۆزێتەوە، بەڵام چەندەها سەرەداوی کاری تیرۆریستی و ئاشکرابوونی چەندەها تۆڕی ئەلقاعیدەو کۆکردنەوەی زانیاری بەنرخ لەسەریان بۆCIA ی ئاشکرابووەو ئاگاداری ئەوەن کەسەرانی ئەلقاعیدە لەسەر سنووری پاکستان و ئەفغانستان زۆربەی هاوکاری ماددیان لەعیراقەوە بۆ دێت کەبۆتە مایەی سەرسوڕمان و جێگای پرسیار. بۆ مەسەلەی زانیاری لەسەر بن لادن، دوزگای هەواڵگرانیCIA ی بەمیدیاکانی ڕاگەیاند: بۆ گەڕان بەدوای بن لادنی گەورە تیرۆریست، گەلێک شتمان بۆ ڕوون بووەتەوەو ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە کەژمارەیەکی زۆر لەگروپی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لە پاکستان کۆبوونەتەوە، ئەم هەواڵە ڕۆژنامەی لۆس ئەنجلۆس تایمزی ئەمریکاش پشتڕاستی کردەوەو بەهەمان شێوە ئاماژەی بەوە کردووە بەشێوەیەکی سەرەکی گەورەترین مەبلەغی ماددی بۆ تیرۆریستان لەعیراقەوە دێت و ئەم پارەیەش لەئەنجامی ئەو کردەوە تیرۆریستیانەوە دێت کە لەعیراقدا ئەنجامی دەدەن، بەتایبەتیش لەچالاکی ڕفاندنەوە ئەو پارانەیان دەست دەکەوێت . ڕۆژنامەکە لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو پارەیەی لەعیراقەوە دەچێت بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، قاسەکانی تیرۆریستانی لەپاکستان پێ پربووەو بەمەش تیرۆریستان توانیویانە بۆ کاری تێکدەری و تیرۆریستی گروپی تازە دروست بکەن ڕۆژنامەکە دەڵێت: ئەم پارە زۆرە وایکردووە پاکستان لە سێ پەتەمبەری ساڵی ڕابردووەوە زیاتر لە10 هەزار سەرباز بنێرێتە سەر سنووری پاکستان و ئەفغانستان بۆ ڕێگەگرتن لەکاری تیرۆریستی لەناوچەکەدا، مەزەندەش دەکرێ‌َت هەردوو گەورە تیرۆریست بن لادن و ئەیمەن زەواهری لە نزیکی ئەو ناوچانە خۆیان حەشاردابێت . شایانی باسە پێش ساڵێک ئەمریکییەکان لەو باوەڕەدا بوون کە ئەلقاعیدە سەرچاوەی مادییان کەمبووەتەوەو لەهەموو لایەکەوە ئابلۆقە درابن، بەڵام ئەوان ئەمساڵ لەو باوەڕەدان کەڕێکخراوی تیرۆریستی ناوبراو ئستا سەرچاوەی ماددیان لەعیراقەوەیە. لەلایەکی ترەوە گەورە لێپرسراوێکی یەکەی دژە تیرۆر لەئەمریکا ڕایگەیاند: بۆ گرتنی ئوسامە بن لادنی گەورە تیرۆریست پەنجا ئەگێنتی هەواڵگریمان ناردووە بۆ ناوچەکەو ئەو شوێنەی کەئەوان پێیان وایە لەوێیە، ئامانجیی تایبەتیشمان ناو ناوە(HVT1) و(HVT2) ، کەماناى(HVT) یش بریتیە لەبەرزترین ئامانج و مەبەستیشیان لێی بن لادن و ئەیمەن زەواهیریە. پێشتر لەساڵی 2002ەوە وازیان لەئامانجی یەکەم و دووهەم هێنابوو ئەویش بەهۆی ئەوەی کەزۆربەی یەکە تایبەتیەکانیان لەئەفغانستانەوە بەرەو عیراق ناردبوو، هەرچەندە ئەمریکییەکان 25 ملیۆن دۆلاریان تەرخان کردبوو بۆ هەریەکێک کەبن لادن دەستگیربکات یا بیکوژێت، بەڵام ئێستا جارێکی تر ئەمریکا هەوڵەکانی خۆی چڕوپڕکردووەتەوە لە دژی ئەلقاعیدە هەم لەسەر سنووری پاکستان–ئەفغانستان هەم لەعیراق و ئەو هەوڵانەشیان زیاتر بۆ دەستگیرکردن و لەناو بردنی ژمارە یەک و ژمارە دووی ئەلقاعیدەی تیرۆریستە.

ئابوونەی ساڵانەی بێوار :ناو هۆڵەندا 25 یورۆ ـ ناو ئەوروپا 40 یورۆ ـ دەرەوەی ئەوروپا 45 دۆلار.
ناونیشانی پۆست بانك : Koerdische Vereniging Midia Rotterdam-Holland ، Girorekening: 7236509